# بۆ نیشتمان جێ نەهێڵم ؟

عومەر جەلال
Omargalal2004@yahoo.com

ئەو کەسەی لە ژیانیدا نەتوانێت سەفەر بە وولاَتانی جیهان و بێبەش بێت لەئاشنابوون بە کلتووری وولاَتانی دیکە ئەوە بێ گومان وەك ئەو مرۆڤە نەخۆشە وایە کە لەناو جێگاکەیدا کەوتووە و چاوەڕوانی مەرگ دەکات,یان بەمانایەکی دی سەفەر واتە گەڕان و پەی بردن بەو نهێنییە شاراوانەی کە لە زیهنی زۆرینەماندا هەبە,هەمیشە لە هەموو کۆمەڵگەیکدا ئەو کەسانەی کە گەڕان و کۆچکردن بەشێك بووە لە کلتووریان ئەو کەسانە جێدەستیان دیار بووە لە زۆرینەی بوارەکانی ژیاندۆستیدا,ناکرێت بێ قسە کردن لە کۆمەڵگەی مۆدیرنە و کرانەوە قسە لە رێگرتن لە کۆچ بکرێت ,ئەوەی لە کۆچ دا مرۆڤەکان فێر دەکەن هەموو زانکۆو قوتابخانە رووخاوەکانی نبشتمان توانای ئەو هێزە فکریە رۆشنبیریەی نابێت,ئەوەی لە نیشتمان فێر دەبین بێ ئومێدی و ترۆپکی رەشبینیە ج جای ئەوەی کە بێ بەش نەبووین لە هەموو دوکەڵی جەنگەکانی بەعسبزم و ناوخۆ و جەنگی (گەندەڵی) ,ئەوەی نیشتمان پێمان دەبەخشێت لەم سەردەمەدا تەنیا یەکلایکردنەوە و ئاشنابوونە بەمەرگ وەیان خۆ کوشتنێکی لەسەر خۆ ,چ دڵێکم بە نیشتیمان خۆشبێت کەتەمەنم بیست و پێنج بەهار تێپەر بکات خاوەنی بیست و پێنج مەتر زەوی نەبم (لەکاتێکدا ترسی ئەوەم هەبێت کە مردم زەوی بۆ گۆرستان نەمێنێت) وەلێ رێزی زیندوو هەر هێندە بێت لەم وولاَتە ئیدی دەبێت چ دڵێك بە مەرگ خۆشبکەم بۆیەمافی خۆمە نیشتیمان بە جێ بهێڵم لە پاش چارەکە سەدەیە نووشتانەوە بەدەستی پرۆگرامە کۆنەکانی خوێندەنەوە و پەیداکردنی چەند گورچیلەیەك لە باوك و دایکم بەقەرز تەنیا بۆ ئەوەی لە قوتابخانە ساردوو سڕەکانی نیشتمان سەرکەوتوو بم, پاشان نیشتیمانیش بە نەفرەتمان دەکات,ئیدی نازانم پیرەکان کەی کورسیە پیسەکانی ژێریان تڕۆدەکەن و دەستی گەنجەکان دەگرن تاکو نیشتمانیان پێ ئاسوودەکەنەوە,گەندەڵی لایەك لە وولاَتی خواردووە کۆچی گەنجانیش لایەکەی تری ,دڵنیام نیشتمان بەرگەی ئەم هەموو ئازارە ناگرێت .

ئەوەی کە ئەمرۆ گرنگەو دەسەلاَت گرنگی پێ بدات ,باشترکردن و دەستگرتن و ئاشتکرنەوەی نەوەی نوێیە کە لەقەیرانی ژیاندا هەناسە دەدات و هەنگاو بەرەو کۆلاَنە تاریکەکانی مەرگ دەنێت,ژیان لەم نیشتیمانە ئازاراوییە کە هەموو شوێنێکی پینەکراوە و هەنوکەش بۆنی سوتماك و خوێنی جەنگەکانی لێدێت ,لەپاش پانزە ساڵ ئاوەدانی ژیان تێیدا بەرەو لەبیر چوونەوە دەچێت ,من دڵنیام ئەگەر حەزرەتی (نالی) لەم سەردەمەدا بژیبایە هەرگیزاو هەرگیز بۆ ساتێك بۆنی نیشتمانی نەدەکرد نەبادا بۆنی گەندەڵی و نا دادپەروەری شێت تری بکردایە ,

کۆمەڵێك هاوڕێی زانکۆ بووین پاش دەرچوونمان ئەوەندەی هزرمان لای سەفەر بوو نیو هێندە لای دەمەزراندن نەبوو دڵنیابووین لەوەی نیشتمان بە کەڵکی ژیان نەماوە بە هەموو ماناکانیەوە ,ئەگەر گەنج بەم پێوانەیە گرەوی لە تەکدابکرێت, ئەوەی والەگەنج دەکات نیشتیمان جێ بهێڵێت زیاتر دەگەرێتەوە بۆ بارە سیاسیەکەی دۆخی دەسەلاَتیکوردی ژیان بۆ چەند کەسێکە و ئەوەی لە حزبەکاندا جێگای خۆی کردۆتەوە دەتوانێت لە پشتی وێنەکانی بەرپرسەکانەوە خۆی بژێنێت, ئەستەمە ئەگەر کۆمەڵگەی کوردی لەوەها قەیرانێکدا بەردەوام بێت زۆرینەی ئەو گەنجانەی کە هیچ ئومێدێ بەدی ناکەن لەسەفەر زیاتر بە باش بزانن ئەگەر مردنیشی بە دوا بێت ,چونکە زۆر جار ناخۆشیەکانی ژیان لە مردن زیاتر مرۆڤ ئازار دەدەت ,ژیانی ئازاراوی رۆژانە چەندین جار دەتمرێنێت ,ئەگەر سەفەر و گەڕان پەنجەرەیەك بن بۆ تێروانین لە ژیانی ئاسودەیی ئەوا بێگومان سەفەر دەبێتە بە شێك لە شوناسی گەنجی ئێمە منێك وولاَتێك نەتوانێت بە ئەندازەی (charging) کردنەوەی مۆبایلێك کارەبا بدات تاوەکو چەند چرکەیەك گوێ لە تووڕەبوونەکانی یار بگرم دەبێت چ لە نیشتمان چاوەرێ بکەم لەسەفەر زیاتر ,مافی خۆمە لە پاش تەواو کرنی ئەم نووسینە جانتاکەم کۆکەمەوە هەموو وێنە رەش و سپیەکانی منداَلیم کۆبکەمەوە و دواین ماچی نێو چەوانی دایکم بکەم و ماڵئاوای لەنیشتیمانی دوزەخ بکەم.

---

لە ژمارە (310)ی هاولاَتی 2007/1/24 بلاَوبووەتەوە